# عێراق و ئیدارەی ترەمپ: مەترسی و ئامادەکاریی هێزە شیعەکان

**د. یاسین تەها**، پسپۆڕ لە مێژووی ئایینزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق

لەگەڵ دەستبەکاربوونی دۆناڵد ترەمپدا لە کۆشکی سپی لە سەرەتای 2025، سیاسەتی ئیدارەی نوێی ئەمریکا بەرامبەر عێراق، بوو بە یەکێك لە تەوەرەکانی پێشبینی و بابەتی خوێندنەوەی پەیام و ئاماژە بەردەستەکان. ئەم شرۆڤەی بەردەست، بەدواداچوونێکە لەسەر گرنگترین ئەو ئاماژە و مەترسییانەی لە سایەی ئیدارەی نوێی ئەمریکا لەسەر حکوومەتی عێراق هەن و تێڕوانین و ئامادەکارییە ڕاگەیەنراوەکانی چوارچێوەی شیعیی حوکمڕان لە بەغدا بۆ قۆناغی نوێی پەیوەندییەکانی هەردوو لا دەخاتە ڕوو.

**پەیام و مەترسییەکان**

– بەپێی ئەو زانیارییانەی لە بەغدا دەستاودەستییان پێ دەکرێت، تیمی نوێی ترەمپ پەیامی ئەوەیان گەیاندووەتە حکوومەتی سوودانی، کە دەبێت پەیکەری هێزەکانی حەشدی شەعبی ڕێك بخاتەوە. هەندێکیش زیاتر دەڕۆن و باس لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو هێزە هاوئاستەی سوپا دەکەن[1]، لە کاتێکدا ئەو هێزە یاسای تایبەتی بۆ دەرکراوە (40ی 2016)؛ بەڕواڵەتیش بەشێکە لە هێزە چەکدارەکانی سەر بە فەرماندەی گشتی کە دەکاتە سەرۆکوەزیران. لە سایەی ئەم دۆخەیشدا مەترسیی ئەوە لە ئارادا دەبێت کە ترەمپ بیخاتە لیستی تیرۆرەوە یان سزای سەرکردەکانی حەشد و ئەوانەی چوارچێوەی شیعییش بدات، کە پەیوەندییان بە حەشدەوە هەیە.

– بە گوێرەی ئاماژە و زانیارییە دزەپێکراوەکان، عێراقییەکان چاوەڕێی ئەوە دەکەن ئیدارەی نوێی ئەمریکا داوای هەڵوەشاندنەوەی گرووپە چەکدارەکان (میلشیاکان)یان لێ بکات. ئەو گرووپانەیش لە دەرەوەی بازنەی "حەشدی شەعبی"ن؛ هاوکات لەگەڵ ئەمەیشدا داماڵینیان لە درۆن (فڕۆکەی بێفڕۆکەوان) و ئەو مووشەکانەی مەودایان مامناوەندە (80_200 کم)، بەتایبەت ئەوانەی لە هێرشکردنە سەر ئیسرائیلدا بەکار هاتوون لە جۆلان و سووریا لەلایەن ئەو گرووپانەی لەژێر چەتری "موقاوەکەی ئیسلامی"دا کۆ بوونەتەوە (کەتیبەکانی حزبوڵڵا، بزووتنەوەی عەسائیب، بزووتنەوەی نوجەبا، ئەنسارولڵای ئەوفیا، سەییدولشوهەدا، ئیمام عەلی، تفوف)[2].

"عەممار حەکیم"ی سەرکردەی دیاری شیعە بەئاشکرا ڕای گەیاند، لەبارەی گرووپە شیعەکان پەیام لە تیمی ترەمپەوە گەیشتووە بە بەغدا؛ بەئامانجگرتنی ئەوانەیش لەبەر ئەوە نییە کە شیعەن، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە بەشێکن لە پرۆژەی ئێران[3].

– لە دۆسیەی سوپای ئەمریکادا زانیاریی دژیەك هەن؛ لە لایەك هەواڵەکان باس لەوە دەکەن عێراقییەکان و هێزە شیعەکان پاش ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد لەگەڵ مانەوەی هێزەکانی ئەمریکادان لە عێراق بۆ شەڕی داعش، ئەمەیشیان بە شێوازی جۆراوجۆر گەیاندووە بە واشنتۆن، بەڵام هێشتا ئەوە یەکلایی نەبۆتەوە ئاخۆ

لەسەر ڕەزامەندیی تاران ئەوەیان کردووە یان نا[4]؛ پێیش ناچێت حکوومەتی عێراق بڕیاری هاوشێوە بەبێ ئێران بدات، چونکە لە سەرجەم دیداری بەرپرسانی عێراق لەگەڵ ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئێرانی، هانی داون هێزەکانی ئەمریکا بکەنە دەرەوە. هاوتای ئەمەیش سەرچاوەی دیکە هەن باس لەوە دەکەن ئەمریکییەکان بە عێراقییەکانیان ڕاگەیاندووە، مانەوەیان تا 2028 پێویستییە؛ بەهۆی ڕووداوەکانی سووریاوە و کشانەوەی ئەمساڵیش (2025)، ڕەنگە لە وادەی خۆیدا ڕوو نەدات[5]. ئەگەر ئەمریکاش بەتۆپزی بمێنێتەوە، ئەوە کێشەیەکی گەورە بۆ گوتاری سیاسیی هێزەکانی شیعە دروست دەبێت، کە لە 2020 لە پەرلەمانی عێراق بڕیاری دەرکردنیان بۆ هێزەکانی ئەمریکا دا و لەو کاتەیشەوە داواکاری و پێداگریی یەکەمیان، کردنەدەرەوەی سوپای ئەمریکایە؛ ئەمەیش لە کاتێکدا کە عێراق چووتە ساڵی هەڵبژاردنەوە.

– لە تیمی ترەمپەوە هۆشداریی ئەوە دراوە، "میلیشیاکانی عێراق" مەترسین لەسەر ئاسایشی نەتەوەییی ئەمریکا؛ هەروەها باس لەوە دەکەن ئیدارەکە پلانی هەیە بەرەنگاریان ببێتەوە و یەکێك لەوانەیش وتوویەتی: "ئەگەر سوودانی توانای نییە کارە دوژمنکارییەکانی ئەو گرووپانە ڕاگرێت، ئەوە ترەمپ خۆی دەستوەردانی بەپەلە دەکات[6]."

– مەترسییەکی تری گەورەی شیعە"، ئەگەری پشتیوانیکردنی ئەمریکایە لە گۆڕانکارییەکی هاوشێوەی سووریا لە عێراق؛ ئیتر ئەمە چ لە ڕێگەی هاندانی خۆپیشاندانەوە بێت، یان جموجۆڵی تری هەرێمایەتی[7] بە بەشداریی تورکیا و وڵاتانی کەنداو. ئەم دڵەخورتێیەیش لە پاش کەوتنی ئەسەدەوە لە سووریا لە کۆتاییی 2004دا بەڕوونی هەیە؛ لە هەموو بۆنەکاندا سەرکردە شیعەکان جەخت لەوە دەکەنەوە چیرۆکی سووریا لە عێراق دووبارە نابێتەوە و لە جموجۆڵەکانی دەوروبەر بەگومانن. بەهۆی ئەوەیشی ئێران و ڕووسیا دەرفەتی جموجۆڵیان لە سووریادا نەما، عێراق و گرووپەکانی، هیچیان پێ ناکرێت دەربارەی سووریا؛ بەتایبەت زانیاریی ئەوەیش هەیە کە ئەمریکا هۆشداریی بە حکوومەتی عێراق دابێت کە خۆی لە ڕەوشی سووریا بەدوور بگرێت[8].

– هێزە شیعەکانی عێراق ترسی ئەوەیان هەیە، پەیوەندیی ئەمریکا و ئێران بگاتە پێکدادان؛ ئەمەیش عێراق دەخاتە بەرداشێکی سەختەوە. ئەمە هانی بەرپرسانی عێراقیشی داوە، کە لە دیدارە دووقۆڵییەکانی ئەم دواییەدا خوازیاری ڕێککەوتنی تاران و واشنتۆن بن لەسەر دۆسیەی ئەتۆم[9]. هەر جەنگێکی ئەمریکا و ئێران بە واتای تێوەگلانی عێراقش دێت، بەتایبەت کە باڵە ئێرانییەکان هەروا دەستەوەستان دانانیشن. لە نوێترین پێشهاتیشدا "بزووتنەوەی نوجەبا" کە هێزێکی پرۆ-ئێرانییە، هێزێکی نوێی بە ناوی "هێزی بورهان" ڕاگەیاندووە؛ ئەرکە سەرەکییەکەیشی بە "بەرەنگاربوونەوەی ئەمریکا لە عێراق دیاری کردووە [10]. ئەمەیش ئاماژەیەکی ڕوونە کە عێراق لەو پێکدادانە گریمانکراوەدا ناتوانێت باڵانس ڕاگرێت.

– خۆلادانی ترەمپ لە باسکردنی عێراق بە باش و خراپ لە پاش دەستبەکاربوونی، دەرگەی بۆ لێکدانەوەی جۆراوجۆر کردۆتەوە. هەندێك پێیان وایە ئەمە ئامادەکارییە بۆ چەند هەنگاوێکی گەورەتر لە ماوەی داهاتوودا، بەتایبەت کە سەرچاوە عێراقییەکان باس لەوە دەکەن حکوومەتی عێراق لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە هەرچی هەوڵی داوە هێڵێك لەگەڵ ئیدارەی ترەمپ بکاتەوە، بەڵام تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووە؛ ئەمە لە کاتێکدا دەگوترێت ئیدارەی ترەمپ، تووڕەیە لە دەستیدەستیکردنی عێراقییەکان لە پرسەکانی چەکی گرووپەکان و هەژموون و دەستڕۆیشتوویی ئێرانی و دۆسیەی دۆلار[11]. ئەوەیشی نیگەرانییەکانی شیعەی عێراق زیاتر دەکات، گەڕانەوەی سوودانییە لە "کۆنگرەی میونشن"ی ئەڵمانیا بەبێ

دیداری گەورەی ئەوتۆ لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکا.

– بەپێی میدیاکانی ئەمریکا، ژمارەیەك كۆنگرێسمان لە واشنتۆن هەڵمەتێك بەڕێوە دەبەن بۆ ناچارکردنی کۆشکی سپی "بە پێداچوونەوەی پەیوەندی" لەگەڵ حکوومەتی عێراق، لەوانەیش هاریکاریی ئەمنی و ئابووریی واشنتۆن لەگەڵ بەغدا. ئەم هەڵمەتەیش لە تویتەکانی "جۆ ویلسۆن"دا دیارە کە هاندانە بۆ ڕاگرتنی هاوکاریی سەربازی، هەروەها سەپاندنی سزا. بەشدارانی ئەم هەڵمەتە داوای ئەوەیش دەکەن گرووپە چەکدارەکان و هەندێك لە حزبە عێراقییەکان بخرێنە لیستی تیرۆرەوە و، حکوومەتی عێراق کاری سیاسی و سەربازییان لێ قەدەغە بکات[12]. لە یەکێك لەو بڵاوکراوانەدا "جۆ ویلسۆن"، ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا و کەسایەتیی نزیك لە دۆناڵد ترەمپ، وێنەیەکی داناوە، کە ژمارەیەك هاووڵاتیی عێراق لە یەکێك لە شەقامەکان وێنەی ترەمپ و بنیامین نەتانیاهۆ و ئاڵای وڵاتەکانیان دەخەنە ژێر پێیان و، لەسەر وێنەکە نووسیویەتی: میلیشیاکانی سەر بە ئێران، عێراق بەڕێوە دەبەن و دەسەڵاتی دادوەری و سوپا و حکوومەتیان کۆنترۆڵ کردووە و لە دەوڵەت بەهێزترن. ئەمریکا ملیۆنان دۆلار دەداتە عێراق؛ ئەمڕۆ ڕێپێوانێکیان ڕێک خستووە بۆ ڕۆیشتن بەسەر ئاڵاکەمان و وێنەی سەرۆک ترەمپدا. سەرۆك ترەمپ، هەرگیز لەبیری ناکات[13].

– لە دۆسیەی بارمتەی ئیسرائیلی _ ڕووسی "ئیلیزابێس تسورکۆڤ" لای گرووپە چەکدارەکانی عێراق، حکوومەتی سوودانی تووشی گوشار و ڕووگیری (ئیحراجی)یەکی زۆر بووەتەوە. لەم نێوەندەیشدا نێردەی تایبەتی دۆناڵد ترەمپ بۆ کاروباری بارمتەکان ڕای گەیاندووە، "ئێستا دەرفتەیێك لە بەردەم محەمەد شیاع سوودانی، سەرۆکوەزیرانی عێراقدایە بۆ ئەوەی بە جیهانی نیشان بدات کە سەرۆکوەزیرانە یان نا؟" ئەوە یەکەم جاریش نییە کە نێردەکەی ترەمپ لەبارەی سوودانییەوە قسە بکات؛ پێشتریش ڕای گەیاندبوو، "ئیلیزابێس تسورکۆڤ، خوێندکارێکی زانکۆی پرینستۆنە و لە عێراق بەبارمتە گیراوە. محەمەد شیاع سوودانی، سەرۆکوەزیرانی عێراق بەڵێنی درۆی داوە لەبارەی ئازادکردنی و، ئەمەیش بۆ سەرۆك ترەمپ دەرکەوتووە."

ئەم بارمتەیە لە سەرەتای 2022دا بە پاسپۆرتی ڕووسی گەشتی بۆ عێراق کردووە و بە مەبەستی ئامادەکردنی دکتۆرانامەیەك و توێژینەوەی ئەکادیمی بە ناوی زانکۆی پرینستۆن لە ئەمریکا، بەڵام لە عێراق لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە دەستگیر کرا.[14]

– لە دۆسیەی وزە و داراییدا عێراق لە بەردەم مەترسی و گوشار و سیناریۆی جۆراوجۆردایە لە سایەی ئیدارەی ترەمپ، لەوانەیش:

1_ ئیدارەی ئەمریکا داوا لە عێراق دەکات بە زووترین کات کۆتایی بە پشتبەستن بە وزەی ئێرانی بهێنێت؛ ئەوەیشی ڕاگەیاندووە کە پێداچوونەوە بە هەموو ئەو چاوپۆشییانە دەکات کە یارمەتیی ئابووریی ئێران دەدەن. مەبەست لەمەیش پشتبەستنی عێراقە بە وزەی ئێرانی بۆ وەگەڕخستنی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا کە ساڵانە بایی نزیکەی شەش ملیار دۆلارە و لە شێوەی شمەکی پزیشکیدا پارەی هەندێکی دەدرێتەوە بە ئێران[15]. کۆتاییهێنان بەم مۆڵەتدانەی عێراق لەلایەن ترەمپەوە لە چوارچێوەی چەند سزایەکدا دژی ئێران، کراوە بە فەرمان[16]. ئەم بڕیارەیش دەرگە بۆ هاوینێکی گەرم و سەخت لە عێراق دەکاتەوە و، ناچاری دەکات ڕوو بکاتە تورکیا و وڵاتانی کەنداو و ئوردن بۆ چارەسەری وزە و تۆڕی

کارەبا. ئەوانەیش چارەسەری بەردەستی خێرا نین و کاتیان پێویستە. بەپێی ڕاپۆرتەکان بە وەستاندنی غازی ئێرانی، بڕی 6100 مێگا کارەبا تووشی مەترسیی پەککەوتن دەبێتەوە؛ ئەمەیش بە واتای پەککستن (ئیفلیجکردن)ی توانایەکی زۆری عێراقە لە بەرهەمهێنانی کارەبا، کە بڕی پێداویستییەکەی دەگاتە 32_40 هەزار مێگاوات لە هاویندا[17]. هەر لەم بارەیشەوە ئەندامێکی تیمی ترەمپ "گابرێك سۆما" ڕای گەیاندووە، "ئەمریکا توندە لەبارەی پەیوەستبوونی کارەبای عێراق بە گازی ئێرانەوە. بڕیاری ترەمپیش بۆ ڕاگرتنی ئەمە، گۆڕانێکی گەورەیە لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر هەردوو وڵاتی دراوسێ. مەبەست لەمەیش ئێرانە کە تا ساڵی 2029 گرێبەستی لەگەڵ عێراقدا هەیە بۆ فرۆشتنی غاز بە بڕی 50 ملیۆن مەتری سێجای ڕۆژانە[18].

– لە بازاڕی عێراقدا مەترسیی ئەوە هەیە هەر سزایەکی دارایی و ئابووریی ئەمریکی، نرخی دۆلار بە ڕاددەی زۆر بباتە سەرەوە، بەتایبەت کە لیژنەی داراییی پەرلەمان دەڵێن: حکوومەت تا ئێستا نەیتوانیوە سیاسەتێکی نەختینەییی ڕوونی هەبێت؛ بێتواناشە لە کۆنترۆڵکردنی نرخی دۆلار[19]. هەر لەم نێوەندەیشدا ئەو شاندە عێراقییانەی لە واشنتۆن گەڕاونەتەوە، باس لەوە دەکەن عێراق لە بەردەم هەندێك بڕیاری ئەمریکیدایە؛ چ سیاسی یان دارایی. ئەمەیش بە قەدەغەکردنی دۆلار لە بانکی زیاتری عێراقی لێك دەدرێتەوە[20].

2_ هەشت سەرچاوەی ئاگادار بە ئاژانسێکی نێودەوڵەتییان ڕاگەیاندووە، ئیدارەی ترەمپ گوشار لە بەغدا دەکات بۆ ئەوەی ڕێگە بە دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە بدات. ئەم سەرچاوانە باس لەوە دەکەن، ئیدارەی ئەمریکا هەڕەشەی ئەوەی لە حکوومەتی بەغدا کردووە ئەگەر ڕێگە بە دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی کوردستان نەدات، ئەوا دەبێت لە پاڵ ئێراندا ئەویش ڕووبەڕووی سزاکان ببێتەوە. ئاژانسەکە باسی لەوە کردووە، دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی کوردستان ڕەنگە یارمەتیدەر بێت بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەگەری دابەزینی هەناردەی نەوتی ئێران، کە واشنتۆن بەڵێنی داوە بۆ ئاستی سفر کەمی بکاتەوە. ئەمەیش لە چوارچێوەی سیاسەتی "ئەوپەڕی گوشار"دایە بەرامبەر تاران کە ئەمریکا پەیڕەوی دەکات[21].

سەرچاوەیەکی نێو سەرۆکایەتیی وەزیرانی عێراق ئەم زانیارییەی ڕەت کردەوە[22]، بەڵام دەستوبردکردنی بەغدا لەبارەی هەناردەی نەوتی کوردستانەوە، نیشانەی ئەوەیە کە گوشار هەیە. زیاتر لە پەرلەمانتارێکی شیعەیش باسیان لەوە کرد لەژێر گوشار و هەڕەشە و لۆبیی ئەمریکیدا هەمواری بوودجەی عێراق لە پەرلەماندا تێ پەڕیوە، بەتایبەت بڕگەی هەموارکردنی هەقدەست و کرێی کۆمپانیا بیانییەکان و زیادکردنی لە 6 دۆلاری هەر بەرمیلێکەوە بۆ 16 دۆلار[23]؛ زۆر لەو کۆمپانیایانەیش ئەمریکین.

**تێڕوانین و کاردانەوەی هێزە شیعەکان**

لە ئاست ئەو دۆخانەی چاوەڕێی عێراق دەکەن، عێراقی فەرمی کە حکوومەتی چوارچێوەی شیعییە، بژاردەکانی زۆر و کراوە نین، چونکە لە لایەك سروشتی ترەمپ وایە دەرفەتی زۆر لەگەڵیدا بەردەست نییە، لە لاکەی تر لە ساڵی هەڵبژاردندا ململانێ و کێبرکێی سیاسی بەسەر کەشی سیاسیدا زاڵترە و هەر هێزێکی شیعی لە هەڵمەتەکاندا دەستپێشخەری بکات باجی دەبێت. تا ئێستایش گرنگترین ئەو کاردانەوانەی لە هێزە شیعەکانەوە دەرچوون بۆ چۆنێتیی مامەڵە لەگەڵ ترەمپ، دەشێت ئەمەی خوارەوە بن:

– لە سەردانەکەی سوودانیدا بۆ تاران لە سەرەتای 2025 و لە پاش دیداری ڕێبەری شۆڕش "عەلی

خامنەیی"، پێداگری لەسەر مانەوە و پەرەپێدانی "حەشدی شەعبی" دووپات کرایەوە[24]؛ ئەمەیش وەڵامێکی بەرایی بوو بۆ واشنتۆن. هاوکات لەگەڵ ئەمەیشدا کۆدەنگییەکی شیعی هەیە لەسەر دەستگرتن بە حەشدی شەعبییەوە، چونکە ئەرکی ئەم هێزە تەنیا ئەمنی نییە و هێزێکە بۆ پاراستنی سیستەمی حوکمڕانیی شیعی، هاوشێوەی سوپای پاسدارانی ئێران.

– محەمەد شیاع سوودانی لە سەردانی لەندەن و لە سەروبەندی کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی عێراقی لە شاری لەندەن (ناوەڕاستی یەنایەری 2025) باسی لەوە کردبوو کە ترەمپ سەرقاڵی کێشەکانی خۆیەتی؛ وڵاتانیش پێگەی سەربەخۆی خۆیان هەیە[25]. لێکدانەوەکەی سوودانی لە چوارچێوەی کەمکردنەوەی ئەو مەترسییانەدایە کە لەگەڵ گەڕانەوەی ترەمپدا بۆ کۆشکی سپی لەسەر دۆخی عێراق باس دەکرێن و دەخرێنە ڕوو.

– گرووپە چەکدارە شیعەکان لەبارەی چارەنووسی خۆیانەوە بێدەنگن و لە حاڵەتی چاودێریی دۆخەکەدان، بەڵام هەندێك لە سەرکردەکانیان باس لەوە دەکەن تاکە شت کە بە لای ئەوانەوە گرنگە، مانەوەی "حەشدی شەعبی"یە و، شتەکانی دیکە قابیلی گفتوگۆن[26]؛ بەتایبەت کە سیستانی دوو جار لەسەریەك لە ماوەیەکی کورتدا لە کۆتاییەکانی 2024 جەختی لەوە کردەوە "دەبێت چەك تەنیا لەدەستی دەوڵەتدا بێت[27]."

لەسەر ئاستی فەرمییش عێراق ڕای گەیاندووە کە لەگەڵ گرووپە چەکدارەکاندا لە هەوڵدایە بۆ دەستبەرداربوون لە چەك و، چوونە نێو دەزگە فەرمی و ئەمنییەکانی دەوڵەت[28]؛ بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەمەیشدا سەرچاوە سیاسییە عێراقییەکان باس لەوە دەکەن گرووپە چەکدارەکان بۆ هەڵوەشانەوەی خۆیان، داوای کۆمەڵێك پۆست و گەرەنتی لە حکوومەتی عێراق دەکەن کە کێشەی گەورەتری بۆ دروست دەکات، لەوانەیش: ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی، دەزگەی هەواڵگری، سەرۆکئەرکانی سوپا و هەندێك جومگەی تری حەشد لەگەڵ پۆستی دیکەی دیپلۆماسی[29]. ئەمەیش بە واتای ئەوە دێت، گەیشتن بە چارەسەر ئاسان نییە.

– لە سەردانی لەندەنی سوودانیدا حکوومەتی عێراق ژمارەیەك گرێبەست و یاداشتنامەی لێکگەیشتنی واژۆ کرد؛ دەشێت ئەمەیش وا لێك بدرێتەوە گەڕانی عێراقە بۆ پاڵپشتی لە ئەورووپا و وڵاتانی تر بۆ کەمکردنەوەی گوشاری چاوەڕوانکراوی ئەمریکا.

– ئەمینداری گشتیی بزووتنەوەی عەسائیب کە یەکێکە لە ڕاگرە شیعەکانی حکوومەتی سوودانی، باسی لەوە کردووە کە ئەوەی دەربارەی ترەمپ و عێراق دەگوترێت، "زیادەڕۆییەکی گەورەیە" و زۆر لە سیاسییە عێراقییەکانیش "فۆبیای ترەمپ"یان هەیە؛ گوایە حەشد هەڵدەوەشێنێتەوە و "کۆتایی بە موقاوەمە دەهێنێت." هەروەها "سێ ترلیۆن دۆلاری لە عێراق دەوێت وەك قەرەبوو"؛ بەڵام بە بۆچوونی ئەو "ترەمپ تەنیا لای ئەوانە کاریگەرە کە بڕوایان پێی هەیە و لێی دەترسن." جەختی لەوەیش کردەوە " ترەمپ ئەزموونێکی سواوی تاقیکراوەیە"[30]؛ ئەمەیش بە مانای گوێپێنەدان دێت. هاوشێوەی ئەمەیش هادی عامری، سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر، کە یەکێکی دیکەیە لە کۆڵەکەکانی حکوومەتی سوودانی، باسی لەوە کردووە خەڵکێك هەن "وەك خوداوەند" وێنای ترەمپ دەکەن. لە وەڵامی ئەمەیشدا ئاماژەی بە وەڵامێکی ڕابەری شۆڕشی ئێرانی "عەلی خامنەیی" کردووە کە وتوویەتی، پلانەکانی ترەمپ "تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەزن". ئەم وەڵامەیشی بە هی "ڕێبەری ئازا" لە قەڵەم داوە[31]. ئەمەیش بە واتای ئەوە دێت عێراق و

ئێران لە یەک سەنگەردان سەبارەت بە سیاسەتی نوێی ئەمریکا و چۆنێتیی بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتە نوێیەکانی ترەمپ.

– عێراق لە کەناڵە دیپلۆماسییەکانەوە ڕای گەیاندووە خوازیاری پەیوەندیی باشە لەگەڵ ئیدارەی ترەمپ؛ ئەمەیش لە پیرۆزباییی سوودانی و لێدوانەکانی وەزارەتی دەرەوەدا ڕوونە[32]. هاوکات لەگەڵ ئەمەیشدا عێراق گرەو لەسەر ڕێککەوتننامەی دووقۆڵیی ستراتیژیی (2008) دەکات کە چوارچێوەیەکی یاساییە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی هەردوو وڵات لە بوارە جیاجیاکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری؛ بەڵام ڕوون نییە تا چەند ترەمپ بەو کڵێشە دیپلۆماسییانەوە پەیوەست دەبێت کە پێشتر هەبوون.

– بۆ خۆڕزگارکردن لە وزەی ئێرانی، عێراق هەوڵی پەیوەستنی کارەبایی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو دەدات؛ هەروەها پلانی هەیە گازی سروشتی لە تورکمانستان هاوردە بکات[33]. ئەمەیش دەشێت بەشێك لە داواکارییەکانی ئەمریکا جێبەجێ بکات.

– بەشێك لە ماشێنی میدیاییی هێزە شیعەکان باس لەوە دەکەن ئەو گوشارانەی لە ئەمریکاوە لەسەر عێراقن، زیاتر کەمپینی کۆنگرێسمانن و هی ژوورەکانی بڕیاردان نین؛ هەروەها لۆبیی هەرێمی کوردستا لە واشنتۆن و هەندێک کارەکتەری سیاسیی بەرهەڵستکاری شیعە لە تاراوگە.

**کۆبەند**

لە سایەی ئیدارەی نوێی ترەمپدا دۆخی عێراق بەڕووی چەند ئەگەر و بژاردە و سیناریۆیەکی جۆراوجۆردا کراوەیە، بەتایبەت پەیوەست بە دۆسیەکانی ئاسایش و دارایی و جۆری پەیوەندیی لەگەڵ ئێران و گۆڕانکارییەکانی سووریا. بەهۆی ئەوەیشی بنکەی سیاسیی حکوومەتی عێراق چوارچێوەی شیعییە و پەیوەندییەکانی ئێران و سووریاش لێکەوتەی سەرەکیی لەسەر ئەوانە، هێزە شیعەکان پەیوەندیداری یەکەمن بەو دۆخە نوێیەی کە چاوەڕوان دەکرێت بێتە پێشەوە و پاشان لێکەوتەی لەسەر پێکهاتەکانی دیکەی حوکمڕانی لە عێراق، کە کورد و سوننەن، دەبێت. بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسی و گۆڕانکارییە گریمانکراوەکانی ئیدارەی نوێی ئەمریکاش، بژاردەکانی دەستی حکوومەتی بەغدا زۆر نین و کاردانەوە و ئامادەکارییەکانی حکوومەت و هێزە سیاسییە شیعەکانیش زیاتر بریتین لە: گوێپێنەدان، کەمکردنەوەی بایەخ و هەنگاوی سنوورداری دیپلۆماسی.


[1] https://2h.ae/esJV

[2] https://2h.ae/vHcN

[3] https://2h.ae/hBCC

[4] https://2h.ae/TWit

[5] https://2h.ae/XlGk

[6] https://2h.ae/bDRh

https://2h.ae/toVP [7]

https://2h.ae/ZcFE [8]

https://2h.ae/PMuX [9]

https://2h.ae/MBXJ [10]

https://2h.ae/fqaa [11]

https://2h.ae/ASrT [12]

https://2h.ae/fbAJ [13]

https://2h.ae/uzYY [14]

https://2h.ae/ufVo [15]

https://2h.ae/pDDk [16]

https://2h.ae/czVz [17]

https://2h.ae/czVz [18]

https://2h.ae/vgiE [19]

https://2h.ae/GnxX [20]

https://2h.ae/akzF [21]

https://2h.ae/myVG [22]

https://2h.ae/Mhwi [23]

https://2h.ae/zFEC [24]

https://2h.ae/EAfo [25]

https://2h.ae/iMEA [26]

https://2h.ae/rQnY [27]

https://2h.ae/ilYk [28]

https://2h.ae/RGka [29]

https://2h.ae/pRnB [30]

https://nz.sa/JBHfz [31]

https://2h.ae/DYIG [32]

https://2h.ae/nKrp [33]